کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 4-8-2007 18:34

**هەرواماتکرد بۆیە چوارپارچەو بێ دەوڵەتین.. ! سورە مەرگەیی**

suramargayi@myway. com

ڕۆژێك بەرلە ئەنجام دانی یاری کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئاسیا لەنێوان هەڵبژاردەی عێراق و سعودیە، برادەرێك لێی پرسیم لەیاری نێوان هەڵبژاردەی عێراق و سعودیە پێت خۆشە کامیان ببرێتەوە؟ منیش گوتم: یاری نێوان دوو تیپی عەرەبیە، هەرکامێکیان ببرێتەوە بەلامەوە گرنگ نیە، لەچاوەکانی ئەوبرادەرەدا گلەیی یان باشترە بڵێم تورەییم بەدی دەکرد، وەك ئەوەی بەربەستم بۆ گەیشتن بە ئارەزوەکانی دانابی.

عێراق براوەبی یان دۆڕاو بەمن چی؟ بەپێچەوانەشەوە بەچی خۆشحاڵ بم؟

ئاخر تیپێك ئاڵای ئەنفال، ئاڵای کیمیاباران، ئاڵای قڕکردنی کورد، بەسەرسینگی یاریچیەکانیەوە بێ، بۆمن جگەلە کولانەوەو بەژوار خستنەوەی برینە نەتەوایەتیەکانم چ مانایەکی تری هەیە؟.

بۆبەیانی یاری دەستی پێکرد، منیش بەرێکەوت لەکەرکوکی غەدرلێکراوو بە عەرەب کراوی دەستی سەرکردە دیکتاتۆرەکانی ئەو تیپەی کەدەبوایە بەسەرکەوتنی خۆشحاڵ بم، میوانی چەند دۆستێکی خۆشەویست بووم، هەزاران ئاڵای شۆڤێنیەت و عەرەبچێتی، ئاڵای ئەنفال، ئاڵای مەرگ و ترس بۆڕاوەشاندن و بیرخستنەوەی سەردەمە شومەکان ئامادەکرابون، کەلەگەڵ هەریەکێکیاندا ئەنفال کراوێکی کورد لە گۆڕی دووره وڵاتدا ڕادەچەنی.

یاری کۆتایی هات، براوە هەر عەرەب و دۆڕاو هەر عەرەب، بۆمن جگەلە خۆپێشاندانەوەی شۆڤێنیەت و مەرگ شتێکی تری تێدانەبوو، دروشمەکانی سەردەمی ئەنفال دەوترانەوە، هاوارەکان هاواری سەردەمی بەعس بوون، کاتێك دەمبیست (مبروك یا ڕهل بێره، مبروك یا ڕهل بغداد، مبروك یا ڕهل فلوجه، مبروك یا ڕهل کرکوك) جگە لەکەڕەنای جەنگێکی ترسناك چی ترم نەدەخوێندەوە.

کاکی کوردی نەزان بەچی خۆشحاڵ دەبی؟! بەوەی جارێکی ترلە پەنای یاریدا عەرەب پێت بڵێ کەرکوك کوردستان نییەو وەك بەغداو بەسرەو فەلوجە شارێکی عەرەبی یە، هەروا بەخشکۆڵێ لەهەولێرو سلێمانی و دهۆکیان دابڕی و تۆش لەودیو تاریکستانی ئایەتی ئەنفالەوە چەپڵەی مەرگی خۆت لێدەدا.

جگە لەوەش لەکەرکوکی دڵی کوردستان، هاتوچۆ ڕاگیرا، بۆئەوەی تیرۆریستانی عەرەب لەپەنای ئەو سەرکەوتنەی خۆیاندا دەستێك لەئاهەنگ گێڕانی کورد نەوەشێنن و کارەستێکی دی نەقەومێنن، کورد لەترسی عەرەب ناوێری ئاهەنگ بۆسەرکەوتنی عەرەب بگێڕی، ئاهەنگیش نەگێڕین عەرەب بەبرامان نازانی، ئەوەیە دەڵێن (دارێکی بەدەستە هەردوسەری... ن) . بەڵام ئەوەی ئێمە ناوەڕاستەکەی لەم سەرو لەو سەری پیسترە.

لەوەش سەیرتر شاری هەڵمەت و قوربانی، شاری بەردەرکی سەرا، شاری شێخ مەحمودی نەمر، بۆسەرکەوتنی تیپی قادسیە بەسەر تیپی مەککەومەدینەدا ئاڵای ئەنفالی کوردیان ڕادەوەشاند، (182000) هەل هەلەیان بۆکێشا، ئەگەر سەدام حوسێن لەژیاندا مابایەو ئەم خرۆشانە جەماوەریەی لەسلێمانی دیبایە، لەباتی کاول کردنی گوندەکانی دەوروبەری سلێمانی ئەمنەسورەکەی بەسەریەکدا دەڕماندو بەئێوەی ئاڵای سی ئەستێرەبەدەستی دەگوت (مبروك یا ڕهل سلیمانیە) .

لەهەولێری هۆلاکۆ بەزێنیش، هەولێری قەڵاومنارە، هەرچەندە ئاڵای بەعسیان ڕانەدەوەشاند، بەڵام لەئاڵابەدەستانی سلێمانیشیان کەمتر نەکرد، ئەوەندە خۆشحاڵ بوون.. تەقەی خۆشی ئەوشارەی داگرتبوو، سەرکەوتن و دۆڕانی عەرەب لە هەولێر، بەخوێنی ڕۆڵەی کورد پێشوازی لی دەکری،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەربۆیەش ئەوسەرکەوتنەیان بە خوێنی (10) هاووڵاتی بریندار بووی کورد لەمێژووی تۆپی پی ی شۆڤێنیەتی عەرەب تۆمارکرد.

بەڵام ناهەقی ئاڵابەدەستانی سلێمانی و تفەنگ تەقێنانی هەولێر ناگرم، مانگی تەموز مانگی بەعس و سەدام حوسێنە، 17ی تەموز، 30ی تەموز، ئەوا 29ی تەموزیشی هاتە سەر، چونکە ئەوئاڵایەی لە 29ی تەموزی 2007 لەسلێمانی بەرز کرایەوە لە17و30ی تەموزی 1968 لەکودەتایەکی شومدا کەلە شۆڤێنیەتی عەرەب زیاتری قبوڵ نەبوو نەخشەسازی بۆکرا.

ماوەتەوە بڵێم: خۆزگە (182000) جارخۆزگە لەڕۆژی دەرچونی بڕیاری لەسێدارە دانی تاوانبارانی ئەنفال لەسلێمانی ئاپۆرایەکم دەدی، ئاڵای کوردستانیان لەدەست دابی و لەبەر دەرکی سەراوە تائەمنە سورەکە شایی و هەڵپەڕکێیان گەرم داهێنابا.

لەهەولێریش ئاپۆرایەکی تفەنگ بەدەستم دەدی و بەسەر قەڵادا سەردەکەوتن و هاواریان دەکرد، باب و باپیرانمان هۆلاکۆیان بەزاند ئێمەش سەدام و عەلی کیمیایی.

سەرکەوتنی تیپی عروبە بەسەر عروبەیەکی تردا لەعروبە پیرۆزبی، لەئاڵا بەدەستانی سلێمانی پیرۆز بی، لەتفەنگچیانی هەولێر پیرۆز بی، ئێمەی کوردیش لەوسەرکەوتنە بێبەرین و ئەو سەرکەوتنەش بەدەم و چاوی شۆڤێنیەتی عەرەب و ئاڵا بەدەستانی سلێمانی و تفەنگ تەقێنانی هەولێردا دەدەینەوە.

باش بوو هەڵبژاردەی ئێران نەگەیشتە یاری کۆتایی و لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق ڕووبەڕوو نەبۆوە، ئەوکاتە دەبوایە ئێمەی کورد چی بکەین؟ خۆهەر کامێکیان براوە بوایە ئەوی تریان دۆڕاو دەبوو، ئێمەی کوردیش لەیەك کاتدا هەم دۆڕاوو هەم براوە دەبوین، ئەوکاتەش دەبوو پەنا بۆ هونەرمەندی گەورەی کورد (ماملی) بەرین و پێ ی بڵێین: شایی و شینمان تێکەڵ بوو.. ئای بۆوامان کرد، بەجاری ماڵی خۆمان خەراپ کردو ئەوانیشمان نیگەران کرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.